حاجییەکی عێراقی سوپاسی ساڵح بن ناسر ئەلجاسر وەزیری گواستنەوەی سعودیە دەکات



چالاکوانان لە سۆشیال میدیا گرتەیەکی ڤیدیەییان بڵاوکردەوە، کە تێیدا زیارەتکارێکی عێراقی سوپاسی ساڵح بن ناسر ئەلجاسر، وەزیری گواستنەوەی سعودیە دەکات بە ئەو هۆو و خزمەتگوزارییانەی پێشکێش بە حاجیان کردوە و دەڵێت، "سوپاس زۆر کەم".

ئەو حاجییە لەو پەیامەکدا بە وەزیری گواستنەوەی سعودیە دەڵێت، "ئەو یەکەمجارە دەچمە ناو شانشینی سعودیە و هەمو ئەو دەنگیانەی لەسەر سعودیە دەوترێت دورە لە ڕاستییەوە، هەمو کەس لێرە لە شەفێرەوە تا کرێکارانی هەتەل لە خزمەتماندا بون، شتێکم بینی کە چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "من عێراقییەکی خەڵکی بەسرەم، سعودیە هەوەی زۆری بە هەمو حاجیان داوە، سوپاسکردنیش زۆر کەمە، خوای گەورە سعودیە و پاشاکەی و گەلەکەی بپارێزێت".

شازادە سعود بن میشال، جێگری ئەمیری مەککە ڕایگەیاند، "حەجی ئەمساڵ لە ڕوی ئاسایش و تەندروستی و خزمەتگوزاری سەرکەوتو بوە، سوپاسی هەمو ئەو کەسانە دەکەین کە بەشداربون لە سەرکەوتنی پرۆسەی حەجی ئەمساڵ".

حاجیان ئەمڕۆ یەکشەممە تەوافی ماڵئاواییان ئەنجامدا، ئەوەش کۆتایی هاتنی ڕۆژەسمەکییان بو،

مزگەوتی گەورەی مەککە هاتوچۆی زۆری بەخەیەو بینی، ئەوەش لە چوارچێوەی ئامادەیی بەرز بە کاروباری دو مزگەوتی پیرۆز، بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.